# به بەڵگەوە: زنجیرەیەک وتار لەسەر گەندەڵی و ساختەکاری ئیدرای و حزبی لە کوردستان

**هیشام ئاکرەیی**

بۆ ئەوەی تومەتێکی بێ بەڵگە بخەینە پاڵ دەسەڵاتداران و بەرپرسیارانی حزبی و حکومی لە باشووی کوردستان و بێ ئەوەی دوان لەسەر بارودووخی باشووری کوردستان ببێتە بوارێک بۆ هێرش کردن بۆ سەر لایەنە کوردستانیەکان و بە تایبەت دەسەلاتدارانی کوردستان و پارتی و یەکێتی و لەبەر ئەوەی کاری ڕۆژنامەگەری دەبێ ڕێز لە ڕاستی خستنەڕووی ڕووداوەکان بگرێت.

هەروەها چونکە سەرکردایەتی کوردستان و لە سەرووی هەموانەوە بەڕێز بارزانی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی کوردستانی بە دەستەوە گرتووە و حکومەتێکی تازە باسی لێوە دەکرێت، بە باشم زانی لەسەردانێکی کورتدا بارودووخی کوردستان بەسەربکەمەوە و بە ڕێگای چاودێریکردنی ژیانی ڕۆژانەی جەماوەر و چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا، بەشێک لەو دیاردانەی میدیای باشووری کوردستان سانسووری لەسەریان داناوە وباسی لێیانەوە ناکەن، بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و بێ ترس بڵاویان بکەمەوە.

بەو هێوایەی جەماوەری کوردستان و دەسەلاتی تازەی کوردستان، هەڵوێستێکی ئاشکرا بەرامبەر ئەو دیاردانە وەربگرن و خوێنەری بەرێز دڵنیادەکەمەوە کە ئەم نووسینانە 100% تەواون و هەر ڕۆداوێک سەرچاوەی خۆی هەیە و پرنسیپەکانی میدیای ئەوروپی لەبەرچاو گێراون لە ڕۆی پاراستنی سەرچاوەی هەواڵ و دوورکەوتن لە زڕاندنی ناوی تاکە کەس و جەختکردن لەسەر ناوەڕۆکی بابەت و کێشەکان بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و کردنی کوردستان بە قەڵای دیموکراسی و مافپەروەری و سەروەری یاسا و بنبڕکردنی دیاردەی دزی و گەندەڵی ئیداری و بەکارهێنانی پلە وپایە و مەنسەب لە پێناو بەرژەوەندیە کەسایەتیەکان.

هۆیەکی تری بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگانە، دان و ڕوخساندنی بوارێکە بۆ ئەو کەمە دەسلاتدارەی دەست پاکی کوردستان تاوەکوو ڕاستیەکان بزانن، بەتایبەت لەملاو لەوێ باسی ئەوە دەکرێت کە سەرکردایەتی کوردستان و بەتایبەت بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی ئاگادرای ئەو فەسادە ئیدارییە نین و هەموو کارەکان لەپشت پەردەوە دەکرێن، بۆیە بە پێویستم زانی لە ڕێگای میدیاوە هەندێ کردەوەی گرنگ بخەمە سەر لاپەڕەکانی میدیای کوردی و بۆ دەسەڵاتداران و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێک لە ساختەکاری ئاشکرا دەکەین و ئەگەر بە تەواوەتی دیانەوێت گەندەڵی و ساختەکاری بنبڕبکەن با لەم کەس و تار و بوارانەوە دەست پێ بکەن.

دەتوانم بڵێم هۆی هەرسەرەکی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانە، خۆشەویستییە بۆ کوردستان و بۆ ئەوەیە ڕەنجی خەباتی هەزاران شەهیدی کوردستان و سەدان زیندانی سیاسی بە خۆڕایی نەڕوات و بە ڕێگای ئەم وتارانە دەسەڵاتدارن ئاگاداردەکەمەوە کە بارودۆخی کوردستان زۆر ناسک و خەتەرناکە و دزی و جەردەیی لە کوردستان گەیشتووە ئاستێکی خەتەرناک و تیرۆریستان و دوژمنانی گەلەکەمان خەریکن سوود لەو دیاردانە وەردەگرن و بەو شێوەیە گەلی کورد لە خەباتی نەتەوایەتی دوردەخەن و بەرەو ئیسلامی توندڕێ و عیراقچییەت دەبن و لە گۆڕەپانی سیاسی ڕاستەقینە دووریان دەخەن.

هەروەها چونکە خۆم بەبەشێک لەو گەلە دادەنێم و ئەشکەنجە و زیندانی سەددامم بینیووە و لە ڕۆژانی ڕەشی باشووری کوردستاندا بەرەنگاری ڕژێمی سەدام بوومەتەوە و چونکە ئەوانەی منیان لە زینداندا ئەشکەنجەدەدا و پاسەوانی زیندانەکەمیان دەکرد و ئەوانەی دایکم لێیان دەپارایەوە بۆ ئەوەی ئازادم بکەن، ئێستاکە بەرپرسیاری هەرە گەورەن لە کوردستان و لە سایەی خەباتی گەلی گوردستاندا بۆنەتە دەوڵەمەندترین سەرمایەدار و دەربەگی کوردستان وبۆ ئەوەی زەنگێکی مەترسی بۆ خەباتگێرە ڕاستەقینەی کوردستان لێبدەم، زنجیرەیەک ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی بڵاودەکەمەوە و بەباش دەزانم بەڕێز بارزانی دەسگایەکی لێپرسینەوە لە کوردستان دروست بکات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە کەسایەتی ئەوەوە هەبێت، بەتایبەت لەم کاتەدا کە گەندەی

لە پەرەسەندندایە و  بەڕێزی سەرۆکایەتی هەرێم دەکات و هەر هەڵەیەک لە کوردستاندا هەبێت بە شێوەیەکی ناڕستەوخۆ  بۆ جەنابیشی دەگەڕێتەوە.

بابەتی یەکەمی ئەم زنجیرە وتارە لە ژێر ناوی  (شامی شەریفی دزان) دەبێت.  لەو وتارەدا بە بەڵگەوە باس لە چەند کردەوەی دزی دەکەم کە قائمەقام، کەسانی حزبی و ئیداریەکانی تری کوردستان دەکەن و بەشێوەیەکی ئاشکرا و لەپێش چاوی جەماوەر دزی دەکەن و ئەملاکی دەوڵەت لە سەر ناوی خۆیان دەنووسن و پاشان بە دەیان (دەفتەر) دەفرۆشن و زۆر شتی تر.